ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## درووست کردنی ماڵپەڕ (کۆتایی) ، فۆتۆشۆپ ..

نووسەر: @:

پاش ئەوەی ماڵپەڕێکمان ساز کرد بە هۆی بەرنامەی فۆتۆشۆپ وەک لە بەشی (1،2،3)دا باسکراوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بتوانین کرتە بکەینە سەر مێنووەکان (لیستەکان) یان هەر شوێنێکی تر کە مەبەستمان بێت ، وا لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە زیاتر ...

>> ئەو ماڵپەڕە بکەرەوە کەسازمان کردووەو بە نیازین بینێرینە سەرەوە بۆ ئینتەرنێت و وەک هەموو ماڵپەڕەکانی تر .

>> لە خشتەی ئامرازەکاندا ئەم ئامڕازە دەست نیشان بکە:



>> دەست بکە بە نیشان کردنی یەکێک لە مێنووەکان، وەک وێنەکە:



>> پاشان کرتەی لای ڕاست بکە لەو شوێنەی کە دیاریت کردووەو Edit Slice options هەڵبژێرە.

>> پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە وەک لە وێنەکەدا دیارە، وە چاو لەوێنەکە بکە:




لە کۆتاییدا OK ـی کرتە بکە.

>>قۆناغی کۆتایی ئەوەیە کە پاشەکەوتی بکەیت بەشێوەی Web ، بچۆ File>>Save for Web هەڵبژێرە، ئەم پەنجەرەیەت بۆ دەکرێتەوە و پاشان پاشەکەوتکردن (save) هەڵبژێرە:




>>کە پاشەکەوتت کرد دەست بەجێ پەنجەرەیەکی ترت بۆ دەکرێتەوە بۆ دەست نیشان کردنی شوێنێک بۆ ماڵپەڕەکە کە تێیدا هەڵی بگرێت لە کۆمپیوتەرەکەتدا:



>> هەمان کار دووبارە بکەرەوە بۆ ئەوانی دیکە، پاش ئەوە دەتوانیت بینێریتە سەر ئینتەرنێت بە سەرکەوتوویی.

کـــــــۆتـــــــایـــــــی

---

13 Oct 2005

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت